# ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستا ن

## (میدیای نوێ بە نموونە)

[١]ئاشنا دڵشاد مەجید پ.ی.د.سامان جەلال مەولود[٢]
[١]بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٢] بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: (ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان، میدیای نوێ بە نموونە)، لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە کە تێیدا(Mix Method) بەکارهاتووە، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (200) میدیاکار کە لە یەکێک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون لە میدیای نوێ. کێشەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە تێگەیشتن و گەیشتن بە هۆکاری ئاستی پابەندنەبوونی میدیاکاران لە میدیای نوێ بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها دۆزینەوەی هۆکارەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، کە بە کاریگەری میدیای نابەرپرس و میدیاکاری نائەکادیمی دروست بووە، هەروەها دەبێتەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گرفتەمیدیاییەکان وبەرزکردنەوەی کوالیتی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵەکانی میدیا بە تایبەت لە میدیای نوێ دا.

ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بە چەندین دەرئەنجام لەوانە: ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان لاوازە، یەکێک لە بەربەستەکانی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە بەشێک لە میدیاکارانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کوردستان ئاشنای بنەماکانی ئیتیک و یاسای میدیایی نین.

**کلیلە وشەکان: پابەندبوون، میدیاکار، ئیتیکی میدیا، یاسای میدیا، میدیای نوێ.**

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی " ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، میدیای نوێ بەنموونە وەرگیراوە، توێژەر دیاریکردووە بۆئەوەی توێژینەوەیەکی زانستی لەم بوارەدا ئەنجام بدات وتیشک بخاتە سەر ئیتیک و یاسا لە میدیای نوێدا، چونکە ئیتیک و یاساکانی میدیا لەو کاتەدا زیاترپێویست و گرنگ دەبێت بۆ کۆمەڵگە کە میدیا بەڕووی جیهانی تەکنۆلۆجیا هەنگاو دەنێت، لەم کرانەوەیەدا ڕۆڵی سەرەکی لە ئاڕاستەکردنی میدیا لە کۆمەڵگەدا بریتییە لە میدیاکاران، ئەگەر هاتوو ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە ئاستێکی باڵا بوو ئەوا پەیامە میدیاییەکان بە ڕاست و دروست دەگەن بە جەماوەر و کۆمەڵگەیەک و دەزگەیەکی پێشکەوتوو و هۆشیار بەرهەم دێت بە پێچەوانەشەوە ئەم ئاستی پابەندنەبوونە ڕاستە، چونکە پابەندنەبوونی زۆرێک لە میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای کاری میدیایی و دەرکەوتنی دەیان لادان و هەڵە و کەم و کووڕی وای کردووە زانیارییەکان لاواز و ناڕاست بن و جێگەی باوەڕ نەبن و تا ڕادەیەک بووەتە پشێوی و واتەوات لەنێو میدیا نوێ لە هەرێمی کوردستان دا.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی کۆمەڵگەوە، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، کە بە کاریگەری میدیای نابەرپرس و میدیاکاری نائەکادیمی دروست بووە. لە ڕووی زانستیەوە، دەبێتەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران

مجلّة پۆلیتكنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 4، العدد 1 (2020)
أُستلم البحث في 26 سبتمبر 2022؛ قُبل في 12 نوفمبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 21 نیسان 2023
البرید الإلكتروني للمؤلف:ashna.mam20@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2023 أسماء المؤلفین. ئاشنا. د. سامان . هذه مقالة الوصول الیها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبیة - CC BY-NC-ND 4.0

بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان، هەروەها کەمکردنەوەی گرفتەمیدیاییەکان وبەرزکردنەوەی کوالێتی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵەکانی میدیا بە تایبەت لە میدیای نوێ دا.

هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە میدیاکارانی کورد جۆرێک لە نەبوونی ڕێکخستن و کەمتەرخەمیان پێوە دیارە لە ڕووی پابەندنەبوون بە ئیتیک و یاسا لە پیشەی میدیایدا، ئەمەش وایکردووە ڕەخنە و گلەییەکی زۆر لەلایەن جەماوەر و لەلایەکی تر چاودێرانی میدیا ئەوانەی چاودێرن بەسەر میدیا و دەسەڵاتی ڕیکخستن و باشکردنی پیشەیی میدیایان هەیە ئاڕاستەی ئەو میدیاکارانە و دەزگەکانیان بکرێت لەمەڕ ڕووماڵکردنی هەواڵ و زانیاریەکان بۆ جەماوەر.

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییە و میتۆدی تێکەڵاو(Mix Method) بەکارهاتووە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە میدیاکارانی نێو میدیای نوێیە و سامپڵی توێژینەوەکە (200) میدیاکارە.

ئەم توێژینەوەیە بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەش کراوە: بەشی یەکەم: بریتییە لە چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە، بەشی دووەم: باس لە میدیاکار وپرەنسیپەکانی ئیتیک دەکات بەشی سێیەم: باس لە یاسای میدیا و میدیای نوێ دەکات، بەشی چوارەم: تایبەتە بە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، لەکۆتاییدا گەیشتووە بە چەندین دەرئەنجام لەوانە: ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان لاوازە، یەکێک لە بەربەستەکانی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا  لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە بەشێک لە میدیاکارانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کوردستان ئاشنای بنەماکانی ئیتیک و یاسای میدیایی نین.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە:

### 1. کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە تێگەیشتن و گەیشتن بە هۆکاری ئاستی پابەندنەبوونی میدیاکاران لە میدیای نوێ بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها دۆزینەوەی هۆکارەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان.

### 2. پرسیارەکانی توێژینەوە

1. تاچەند میدیاکاران پابەندن بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان؟
2. ئایا میدیاکاران لە هەرێمی کوردستان  ڕەچاوی بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتییان کردووە؟
3. بەربەستەکانی بەردەم پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان چین؟
4. ئەو دەرهاویشتانە چین لە ئەنجامی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان دێنە ئاراوە؟
5. تا چەند لە هەرێمی کوردستان گرنگی بە ڕێکخستنەوەی میدیای نوێ دراوە؟

### 3. ئامانجەکانی توێژینەوە:

1- زانینی ئاستی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە پرەنسیبەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا.

2- دیاریکردنی ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتیی لە هەرێمی کوردستاندا.

3- زانینی بەربەستەکانی بەردەم پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا.

4- دیاریکردنی دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا.

5- دەرخستنی ڕادەی گرنگیدان بە ڕێکخستنەوەی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو هەوڵانەش لە سەر ئاستی دامەزراوە.

### 4. گرنگی توێژینەوە:

1. لە ڕووی کۆمەڵگەوە گرنگە، دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە بە کاریگەری میدیای نابەرپرس و میدیاکاری نائەکادیمی دروست دەبن.
2. ئەم توێژینەوەیە لەلایەنی زانستیەوە گرنگە: دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسا. کەمکردنەوەی گرفتە میدیاییەکان کە دەرکەوتە و دەرهاویشتەی پابەندنەبوونی میدیاکارانن بە ئیتیک ویاسای میدیا لە هوەرێمی کوردستان.بەرزبوونەوەی کوالێتی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵەکانی میدیا بە تایبەتی میدیای نوێ.

### 5. جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە، بۆ گەیشتن بە داتا و زانیارییەکانیش میتۆدی (Mix Method) بەکارهاتووە. کە لە فۆرمی ڕاپرسی و ئامرازی چاوپێکەوتن پێکدێت

### 6. کۆمەڵگەی توێژینەوە:

بریتییە لە میدیاکارانی نێو میدیا نوێ لە هەرێمی کوردستان

### 7. سامپڵی توێژینەوە:

سامپڵی توێژینەوە بریتییە کە (200) میدیاکاری نێو میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا.

### 8. کەرەستەی توێژینەوە:

**یەکەم: فۆرمی ڕاپرسی:** دوای وردبینیکردن لەلایەن پسپۆڕانەوە ، بەشێوەی فۆرمی ئەلیکترۆنی و دانەدەستی ڕاستەوخۆ دابەشی سەر نموونەی توێژینەوەکە کراوە، کە ژمارەیان (200) میدیاکارە، لەماوەی نێوان(2022/6/1) تاکو(2022/8/1).

**دووەم: چاوپێکەوتن:** بۆ دڵنیابوون لەسەر ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی، توێژەر ئامرازی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەک لە چاودێرانی میدیا لەهەرێمی کوردستان ئەنجامداوە کە خۆی دەبینێتەوە لە (بەڕێوەبەری لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، دەستەبژێری میدیایی، ئەکادیمی (مامۆستایانی پسپۆڕ لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆکانی :هەولێر، دهۆک، سلێمانی) لە هەرێمی کوردستان.

### 9. ڕاستی و ڕوالەتی توێژینەوە:

توێژەر بۆ دەرهێنانی پێوەری ڕاستی پشتی بە (11) پسپۆڕی ئەکادیمی و شارەزا لە بوارەکانی (ڕاگەیاندن، ئامار، یاسا) بەستووە دوای هەڵسەنگاندنی شارەزایان دەرکەوت ڕێژەی ڕاستی و ڕوالەتی بریتییە لە (92.5%) . ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستی فۆرمەکە دەردەخات.

### 10. توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژینەوەکانی پێشوو بەرچاو ڕوونییەکی باشە بۆ توێژەر تاکو بتوانێ بە شێوەیەکی زانستی وئەکادیمی توێژینەوەکەی بەئەنجام بگەیەنێت، لەم توێژینەوەیەدا سوود لە چەندین توێژینەوەی کوردستانیی و عەرەبی وەرگیراوە لەوانە:

**توێژینەوەی ( شاخەوان محەمەد سلێمان، 2022)، بە ناونیشانی" ئاستی پابەندبوونی ڕۆژنامەوانان بە ئیتیکی ڕاگەیاندن، متمانەی خوێنەر بە ڕۆژنامە کوردیەکان بە نموونە".دکتۆرا بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی پابەندبوونی میدیاکارانە بە بنەماکانی ئیتیکی ڕاگەیاندن و زانینی ئاستی متمانەی خوێنەر بە ڕۆژنامە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان، توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێوییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی سنوردار کە خۆی دەبینێتەوە لە (میدیاکار، فەرمانبەر، کاسب، سیاسی، مامۆستای زانکۆ، قوتابی) لە هەرێمی کوردستان بەمەش فۆرمی ڕاپرسی دابەشکردووە بەسەر (450) کەس لە نموونەکە.

گرنگترین دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە: ئەو کاریگەرییەی لەسەر میدیاکاران هەیە بۆ پابەندنەبوون بە ئیتیکی میدیا ململانێی سیاسییە. خوێنەر متمانەی بە ڕۆژنامە کوردیەکان کەمبوەتەوە، بەهۆی گرنگی نەدان بە بنەماکانی ئیتیکی میدیا کە خۆی دەبینێتەوە لە بێلایەنی، ڕاستی بوون، بابەتی، نهێنیپارێزی، ، ئەوەش بەهۆی فەرامۆشکردنی سەرجەم بنەماکانی ئیتیکی میدیا لەلایەن میدیاکارانەوە.

**توێژینەوەی (ئازاد عبدالعزیز محمد، 2022) بە ناونیشانی "ئاڕاستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان". دکتۆرا. بڵاونەکراوە، کولێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.** توێژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە، سود لە میتۆدی ڕووپێوی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی میدیایی وەرگیراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی لە بواری ڕووپێوی بریتییە لە سەرجەم دەستەبژێری میدیایی لە هەرێمی کوردستان، لە بواری شیکاریشی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییە کوردییەکان(ڕووداو، ئێن ئاڕ تی) وەکو نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.ئامانجی دەرخستنی ڕادەی پابەندبوونی پێگەئەلیکترۆنییە کوردییەکانە بە ئیتیکی پیشەیی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و یاسایی لە ڕوانگەی دەستەبژێری میدیاییەوە، بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی، لە لایەنی شیکردنەوەی توێژینەوەکە کار لەسەر دیاریکردنی ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییەکان کراوە بە ئیتیکی پیشەیی و کاریگەری لەسەر جۆری بابەتە هەواڵییەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕادەی پابەندبوونیان بە بنەماکانی ئیتیکی پیشەیی. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان، کە ناوەڕۆکی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان تێکەڵێکە لە حاڵەتی پابەندبوون بە بنەما ئیتیکییەکان، بەتایبەتی لە خستنەڕووی زانیارییەکان وخۆدوورگرتن لە گەورەکردنی ڕووداوەکان، هەروەها پابەندبوون بە بنەما ئیتیکییەکان، بەتایبەتی لە خستنەڕووی راوبۆچوونی جیاواز وسەرچاوەی زانیارییەکان.دەرئەنجامێکی تر، زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە وای دەبینن، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان پابەندی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بوونە، بەتایبەتی لە پارێزگاریکردن لە کەلتوور وشوناسی نەتەوەیی، سەرباری ئەوەی هەندێ کات ئەو پێگانە لادانی ئیتیکییان هەبووە، بەتایبەت لەوەی هۆکارێک بوونە بۆ بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکە وروژێنەرەکان.

لە توێژینەوە عەرەبیەکاندا، کە لەم توێژینەوەیە نزیکە بریتییە لە **توێژینەوەی (محمد سامي الرحاحلة ،2016) بەناونیشانی"تقييم الصحفيين الاردنيين لمدى التزام المواقع الالكترونية الاخبارية الاردنية بميثاق الشرف الصحفي" ، نامەی ماستەر، بەشی ڕاگەیاندن / زانکۆی الشرق الاوسط.** ئامانجی ئەم توێژیەوەیە زانینی ئاستی پابەندبوونی میدیاکارانی ئوردنە بەپەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانی لە ماڵپەڕە هەواڵیەکانی ئوردن. توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری لەڕێگەی پێداچوونەوەی گرنگترین تەوەرەکانی ئەم بابەتە بەکارهێناوە، جگە لە شیکردنەوەی مادەکانی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەریی ئوردونی، بەپێی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە، تاکەکان، سەرچاوەکانی زانیاری، پەیوەندی لەگەڵ میدیاکاران بە بنەماکانی ئیتیک و دەستپاکی و ڕاستگۆیی میدیاکاران، کە فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنراوە بۆ تەواوکردنی لایەنی مەیدانی. گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکەش بریتی بوو لە : ماڵپەڕەکانی هەواڵیەکانی ئوردن بەرپرسیاریەتی خۆیان بەرامبەر بە کۆمەڵگە و تاکەکان و سەرچاوەکانی زانیاری و پەیوەندی لەگەڵ میدیاکاران و پرەنسیپە ئەخلاقییەکان جێبەجێ نەکردووە و بەپێی ستانداردی خوێندن. هەروەها ماڵپەڕە هەواڵییەکانی ئوردن پابەند نەبوون بە شەرەفی ڕۆژنامەوانی و پابەندبوونیان بە بەڵگەنامەکان لاوازە.

### 11. تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکانی پێشوو بەرچاوڕوونییەکی پێویست و گرنگ بوون بۆ دەستنیشانکردنی پرسیار و ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، بە سەرنجدان لە پەیکەری توێژینەوەکان و کرۆک و ئەو دەرئەنجامانەی داویانە بە دەستەوە، چەند سەرنجێک دەخەینەڕوو:

1. توێژینەوەکان زۆربەیان لە جۆری وەسفیین و پشتیان بە ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەستووە. بە گوێرەی جیاوازی شوێنکات، لە پەیوەندی نێوان ئاستی پابەندبوونی میدیاکار و ئیتیک و یاسا دەکۆڵنەوە. لە ڕووی کاتەوە لەیەکدیەوە نزیکن، بەڵام کۆمەڵگەی توێژینەوەکان جیاوازە، ئەوەی ئەم توێژینەوەیە جیادەکاتەوە لە توێژینەوەکانی پێشوو کە باسکران، بریتییە لەوەی، ئەم توێژینەوەیە میتۆدی تێکەڵاو(Mix Method)ی بەکارهێناوە، کە میتۆدێکی نوێیە. لەڕووی کاتەوەش نوێیە و لەم ساڵدا ئەنجام دراوە.

2. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکان خستنەڕووی ئاستی پابەندبوونی میدیاکارە لەسەر پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا و هەندێکیان لە میدیای نوێ.

3. ئەوەی ئەو توێژینەوانەی پێشوو لە توێژینەوەی بەردەست جیادەکاتەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە، ئیتیکی میدیا و یاسای میدیا کە دوو چەمکی لێک جیاوازن ، بەڵام گرێدراوی یەکن لە پابەندبووندا باسبکرێن و ئاستی پابەندبوونی میدیاکارانی کوردستان بەم دوو چەمکە بخرێتە ڕوو لە هەرێمی کوردستاندا.

4. ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی تایبەتمەندێتی بواری میدیا، دەڕوانێتە ڕوانگەی ئیتیک و یاسا لە میدیای نوێ کە بەشێکی کەمی توێژینەوەکان لە ڕوانگەی میدیای نوێ باسی ئیتیک و یاسایان کردووە.

5. لە بیرۆکە و داڕشتنی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، سوود لە پرسیار و شێوازی داڕشتنیان لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە.

## بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری توێژینەوە:

### تەوەری یەکەم: میدیاکار

### 1- چەمک و پێناسەی میدیاکار

کاتێک دەڵێین میدیا، ئێمە بیرمان بۆ ئەو کەسە دەچێت کە ڕۆژانە لە تەلەفزیۆنەوە دەیبینین، لە ڕۆژنامەکانەوە زانیاریەکان دەربارەی ڕووداوێک نوسیویەتی دەیخوێنینەوە، گوێمان لە زانیاریەکانی دەبێت لە ڕادیۆکانەوە، لە ئێستاشدا گرنگترین ئامرازێک بەکاریدەهێنین و لە ڕێگەیەوە زانیاری و هەواڵ و ڕووداوەکانمان پێدەگات، ئامرازەکانی میدیای نوێیە، ڕۆژانە بەبەردەوامی ئاگاداری زانیاریەکان دەبین لەم ئامرازانەوە بە هۆی کەسێک کە لە ناو یەکێک لەم ئامرازانە کاردەکات، ئەویش میدیاکارە، بۆیە میدیاکار مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لەگەڵ میدیادا.

میدیاکار (ڕۆژنامەنوس):ژورنالیست**journaliste** وشەیەکی فەرەنسیە و مەبەست لە کەسێکە پیشەی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی مەتریاڵە بۆ میدیا و ئەو میدیایانەش دەکرێ: ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن یان ماڵپەڕی ئنتەرنێت بێت". ڕۆژنامەنووس بەو کەسە دەوتریت لە ڕۆژنامە یان گۆڤار ، کەناڵی تەلەفزیۆن، ئێزگەی ڕادیۆ، یان ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی یان هەر دەزگایەکی دیکەی ڕاگەیاندن وەک ئاژانسەکانی دەنگوباس کاربکات(سەپان، 2015: ل83).

ئەو کەسەیە کە پیشەی میدیا پەیڕەو دەکات و کارەکەی بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕووداوو بابەتەکان و پیشاندانی کێشەکانی خەڵک، چونکە پیشەی میدیاکار ئامادەکردنی ڕاپۆرتە بۆ پەخشکردن و بڵاوکردنەوە لەمیدیای جۆراوجۆر وەک ڕۆژنامە، تەلەفیزیۆن، ڕادیۆ و گۆڤارەکان، ئنتەرنێت(ادريس، 2019: ل19 ).

### 2- جۆرەکانی بەرپرسیارێتی میدیاکار:

بەرپرسایەتی میدیاکار لەوەدایە کە دەبێت بەباشی پابەندبێت بە پیشەکەی و نابێت ئەو بابەتانەی کە پێچەوانەی پرەنسیپەکان و ڕێسای کۆمەڵگەن بڵاوبکرێتەوە ، بۆیە دەبێت بەر لە بڵاوکردنەوە دڵنیابێنەوە لە ڕاستی و ڕوونی بابەتەکان لە ڕووی بەرپرسیارێتییەوە تاوەکو دەزگاکە تووشی لێپێچینەوەی یاسایی نەبن لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکان.(عطية، 2016: ل168)

بۆیە زۆربەی یاساکانی ڕێکخستنی بواری ڕۆژنامەگەری لە وڵاتانی جیاجیا و هەروەها بەڵێننامە و شەرەفنامە نێودەوڵەتی وئیقلیمی و ناوخۆییەکانی ڕۆژنامەگەری، بەرپرسیارێتی میدیاکار لە ڕووی پیشەیی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و مەدەنییەوە کۆدەکەنەوە.(فەرەج، 2013: ل76-77).

**یەکەم: بەرپرسیارێتی پیشەیی میدیاکار:**

بەرپرسیارێتی پیشەیی میدیاکار واتە گواستنەوەی ڕاست و دروست و وردو بێدەسکاریی هەواڵەکان و وتنی ڕاستیەکان بێ پێچ و پەنا و شاردنەوەی بێ بەهانە، ڕاستبێژی و بابەتیانە، تێکەڵ نەکردنی هەواڵ لەگەڵ بیر و بۆچوون و هەڵوێست، ڕێزگرتنی نهێنیەکانی پیشەی ڕۆژنامەگەریی، پاراستنی سەرچاوەکانی هەواڵ و هەروەها وەرگرتنی ڕەزامەندی لەو کەسانەی هەواڵێکیان لەسەر بلاودەکرێتەوە.

**دووەم: بەرپرسیارێتی ئەخلاقی میدیاکار:** واتە میدیاکار ڕەچاوی لایەنی مرۆیی و ئەخلاقی کۆمەڵگە بکات، لەگەڵ هەموو ئەو بڕیارانەی کە زیان بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەگەیەنێت.(الحازمي، 2021: ل42).

**سێیەم: بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیاکار:** جەخت لەسەر ئەو ئەرکانە دەکاتەوە کە پێویستە میدیاکار پابەندبێت لە بەردەم کۆمەڵگە بۆ پاراستنی سەقامگیری خۆی و کۆمەڵگە لەبوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری، لەڕێی ئەو کارانەی کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت وەک خزمەتکردنی سیستمی سیاسی بەدابینکردنی زانیاری و گفتوگۆکردن لەسەر پرسە گشتییەکان و ڕێنماییکردنی ڕای گشتی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی و پارێزگاریکردن لەمافی تاکەکان.(الموسوی، 2003: ل87-86).

**چوارەم:بەرپرسیارێتی یاسایی میدیاکار:** پابەندبوون بەجێبەجێکردن و ڕێزگرتن لەیاساکان و یاساکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە.(الحازمي، 2021: ل42).

**پێنجەم:بەرپرسیاریێتی سزایی و مەدەنی میدیاکار:** زاراوەی بەرپرسیاریێتی مەدەنی میدیاکار وەک بەرپرسیاریێتییەکی لێکۆڵینەوەیە کە بەهۆی هەڵەی میدیاکارەوە دروستبووە، هەرچەندە دەبێت کەسی قوربانی ڕازامەندی بدات بە میدیاکار لەسەر ئەو بابەتەی بلاویدەکاتەوە.(جبر &الموازني، 2008: ل67). بۆیە پێویستە میدیاکار ئامادەی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە بێت کە بەهەڵە لە کاتی کارکردنیدا بە کەسێکی دەگەیەنێت.(عومەر، 2012: ل83).

**تەوەری دووەم: پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا**

## 1 - چەمک و سەرهەڵدانی ئیتیک:

بنەڕەتی ئیتیک سروشتێکی ناوەکییە لە مرۆڤدا ئەمەش بەو مانایە دێت کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ بە سروشتی ڕاستەقینەی خۆی لە باش و خراپە و لە چاکەکردن و گوناهەوە ناسراوە .(عزي، 2016: ل14) )

فەلسەفەی ئیتیک لە سەدەی پێنج لەگەڵ سوقرات دەستی پێکرد و بەئەرکی خۆی دەزانی پێڕەوەکەرانی وشیار بکاتەوە لەوەی پێویستیان بە ڕەخنەی عەقلانی لە بیروڕاو کردەوەکانیان هەیە. وشەی Ethics یان Ethos: لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانیە و لە زمانی کوردی (ئاکار)ی بەرامبەر بۆ دانراوە، زۆرجار ئیتیکیش بۆ هەمان وشە دەگوترێ. (سەپان، 2015: ل22).

ئیتیک لە رووی چەمک و زاراوە لە زمانە ڕۆژئاوایەکان چەمکی جیاوازیان بۆداناوە لە زمانی فەرەنسی Morale و لە زمانی ئنگلیزی Morals بە زمانی ئەڵمانی Moral و بە ئیتاڵیMorale هاتووە، ئەم وشەیە لە وشەیەکی لاتینی Moresکە کۆکراوەی Mos پێئەوترێت وەرگیراوە، بەڵام بنەڕەتی وشەکە لە Ethicaی لاتینیەوە وەرگیراوە بە فەرەنسی Ethiqueو لە ئینگلیزیEthics و لە ئەڵمانی Ethikلە ئیتاڵی Ethica هاتووە.(بدوي، 1976: ل7).

ئیتیک Ethics پرۆسەیەکی عەقڵانین لەسەرکۆمەڵێک لە پرەنسیپەکانی ئیتیک، زیاترپەیوەستە بە ئاینەوە ئەم چەمکە زۆر لقی لێجیابووەتەوە، چونکە وەکو یەک یەکە تەماشاناکرێت و تێڕوانینی جیاوازیان لەسەرە (Day, 2006, p. 3). زانای فەرەنسی (ئاندرا لالاندن) لەبەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆیدا بە ناوی (فەرهەنگی هونەری و ڕەخنەگرانەی فەلسەفە)دا کە بایەخێکی گەورەی زانستی هەیە، لەلایەکەوە چەمکی ڕێسای ئیتیکی " بەو زانستە کە وەکو دادوەریکردن لەسەر بابەتێک بۆ جیاکردنەوەی باش لەخراپ بەرکاردەهێنرێت" ناساندووەو، لەلایەکێتریشەوە چەمکی ئیتیک بەبڕوای ئەو، " کۆمەڵێک ڕەفتاری دیاریکراو و پەسەندکراوە لە قۆناغێکی تایبەت و کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا بۆ هەمووارکردن و ڕێکخستنی ئەو بابەتانەی پەسەندن لە کۆمەڵگە لەخۆدەگرێت.(نژاد، 2006: ل40-41).

## 2 - ئیتیکی میدیا و پابەندبوون بە ئیتیک:

ئیتیکی میدیایی لە هەندێک باردا ڕێژەییە و پابەندبوونە بە هەندێک ڕێسای ئیتیکییەوە، پەیوەندی بە ستراتیج و سیاسەتی ئەو وڵاتەوە هەیە کە کاری میدیایی تێدا ئەنجام دەدرێت. میدیاکار بەبێ ئیتیک ناتوانێت کاری ڕاستەقینەی خۆی لە کۆمەڵگەدا بکات و لە جیاتی ئەوەی لە خزمەتی حەقیقەت و بەرژەوەندی گشتیدا بێت ئێمە لە پێگەیەکی بێ ئیتیک دا دەیدۆزینەوە.

مێژووی ئیتیکی میدیا لەو کات وساتەی کەناڵ و هۆیە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن دەرکەوتن هاتەئاراوە، بیرکردنەوە لەپێداویستی و گرنگبوونی پرەنسیپەکانی ئیتیکی کارکردنی میدیاومیدیاکاران سەریهەڵدا. هەوڵەکان بە ئاڕاستەی دانانی بەڵگەنامەی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی بەردەوامبوون، تا بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (1918ز)دا، هەوڵێک بە فەرمی لە فەرەنسا درا، ئەویش بە هۆکاری ئەو ڕۆڵە کارایەی کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەو کاتەدا دەیان گێڕا ،هەروەها لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیشدا" یەکەمین لیژنەی بەدواداچوونی پاشایەتی (1947- 1949) لە بریتانیا بۆ گەمارۆدانی چاپەمەنییەکان پێکهێنرا و کەسانی وەک لۆرد (ڕۆتەر میر)ی خاوەنی ڕۆژنامەی (دەیلی میل) و لۆرد (بیۆر برۆک)ی خاوەنی ڕۆژنامەی (دەیلی ئێکسپرێس) و .... تاد، خرانە ژێر لێکۆڵینەوە".(حسێن، 2020)

بنەما ئیتیکیەکانی پیشەی میدیا لەسەر ئەوە چەسپاوە کە دەزگای میدیایی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە و جیاوازە لە دامەزراوە ئابووری و بازرگانیەکانی تری ناو کۆمەڵگە چونکە ئەوەی بیروڕا و و زانیاری و ڕۆشنبیری و بەڵگە وداتا و یادەوەری لە کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت میدیاکارێکی ڕۆژانەیە، کە ڕۆژانە زانیاریەکان تۆماردەکات لەبوارە جیاجیاکاندا، بۆیە بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئیتیکی و مرۆیی لەدەزگای ڕاگەیاندندا هەیە(قيراط، 2016)

لەلایەکی تـرەوە گـرنگە ڕای گشـتی ڕۆڵێکی کارای لە پێکهێنـانی کـۆدەکانی ئیتیکـی میـدیایی هەبێـت، چـونکە ئەمە لە بەرژەوەنـدی خـودی میدیاکارانـدایە کە جەمـاوەر بەشداری لە داڕشتنی دەستووورە ئیتیکیەکان بکەن و پابەندی میدیاکاران بە خۆیانەوە پەیـڕەو بـکەن، و دەبێـت چـالاکی گشــتی هەبێـت دژی پێشـێلکردنی پرەنسـیپە ئیتیکیەکان لە میدیاکانـدا بـۆیە دەبێـت ڕای گشــتی لە ئیتیکـی میـدیا ئاگـادار بـن و هەرچی زیاتـر جەمـاوەر ئاگاداری ئەم ئیتیکانەبێت، دەتوانێت یارمەتی بەهێزکردنی ئیتیکی میدیایی بدات، کاسوما پێی وایە: "کۆمەڵگە ئەو میـدیاکارانەیان لاپەسـەندە و بە شایسـتەی دەزانـن کە پابەنـدن بە ئیتیکـی میـدیایی" بـۆیە بـۆ ئەوەی میـدیاکاران پابەندبن بە ئیتیکی میدیاییەوە دەبێت هۆشـیارییەکی گشـتی هەبێت بۆ ئەو ئیتیکانە ولەلایەکی ترەوە دەبێت خەڵک بەرگری لەمـافەکانی خـۆیان بـکەن کاتێـک ئەم مافـانە پێشێل دەکرێن بەهۆی نائیتیکی میدیاکارانەوە(العيساوي، 2016)

سەرەڕای کارامەیی پیشەیی لە پیشەسازی ناوەڕۆکی پەیامە میدیایەکان، میدیا دەبێت شارەزایی تەواوی لە ئیتیکدا هەبێت بەتایبەت میدیاکاران، چونکە لە نەبوونی ئیتیکی میدیادا کۆمەڵگە دەهەژێت و نائارامی دروست دەبێت ئەمەش زۆرجار بەهۆی ئەو میدیا نابەرپرسانەوە دێتە ئاراوە کە پابەندی هیچ بەهایەک نین و هیچ پێوەرێکی ئیتیکی جێبەجێناکەن، بەپێچەوانەشەوە زیادبوونی هۆشیاری دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەمانە ببێتە ئامرازێک بۆ دروستکردن و گەشەپێدان لەبوارە جیاجیاکاندا، پێویستە میدیا و میدیاکاران پابەند بن بەم ڕێنماییە ئیتیکیانەی خوارەوە:

1. پابەندبوونی ئاینی لە کۆمەڵگە: میدیاکار پێویستە خۆی بەدووربگرێت لەو پرس و بابەتانەی دەبنە هۆی دروستبوونی پشێوی لە کۆمەڵگە بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند چەمک و زانیاری و وێنە و ڤیدیۆیەک کە پێچەوانەی ئاینە لە کۆمەڵگە.
2. پابەندبوونی کۆمەڵایەتی: پێویستە میدیاکار ڕەچاوی گرنگی کۆمەڵایەتی بکات پێش پێشکەشکردنی هەر شتێک یان بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی کاریگەری لەسەر بەهاکانی کۆمەڵگە هەیە یان بەکارهێنان و دەستبردن بۆ ئەو بابەتانەی هەستیارن بۆ تاکەکان لە کۆمەڵگە.

3. پابەندبوون بە دەسەڵاتی یاسادانان: لەلایەکی تر پێویستە ئەو لایەنە یاساییانەی کە هێڵەکان دەکێشن لە لایەن میدیاکارانەوە ڕەچاو بکرێن بۆ ئەوەی ئەو قەدەغەکاریانەی کە بەپێی یاسا دەرکراون یان یاسایان بۆ دەردەچێت ئیتیکی میدیاو پیشەیی میدیا بپارێزێت.
4. پابەندبوونی دامەزراوەیی: پێویستە میدیاکار ڕەچاوی ئەو دامەزراوەیە بکات کە تێیدا کاردەکات، بۆ ئەوەی تووشی سزا وسەرپێچی نەبێتەوە یان دامەزراوەکانی دەوڵەت بشێوێنێت.
5. پابەندبوون بە مافی مرۆڤ: پێویستە میدیاکار مافی مرۆڤی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرێت و خاوەنی هەستێکی مرۆیی و ئەخلاقی بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا(علي، 2015: ل315)

**3- هۆکارەکانی پابەندنەبوون بە ئیتیک و یاسا لەلایەن میدیاکارانەوە:**

دەزگاکانی میدیا لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان و لەلایەکی ترەوە میدیاکاران لە ماوەی ئەرکەکەیاندا لەلایەن چەندین لایەنی جیاوازەوە لەژێر فشاری جۆراوجۆردان کە ئامانجی سەرەکیان ڕەشەکردن و بەکارهێنانی دەزگای میدیایە بۆ بەرژەوەندی تەسکی و کەسی لەسەر حسابی میدیای بەرپرسیار و بابەتی و ڕاستگۆ.

لێرەدا کۆمەڵێک ئاستەنگی هەن بونەتە هۆکاری ئەوەی میدیاکار پابەندی پرەنسیپەکانی ئیتیک ویاسای میدیا نەبێت ئەوانیش:

1. پەینەبردن و ڕەچاونەکردنی بنەما زانستیەکانی میدیایی و زاڵکردنی لایەنی بازرگانی بەسەر لایەنی پیشەییوونەوە لەلای دەزگەمیدیاییەکان ومیدیاکارانەوە.
2. نەبوونی کەشێکی ئەمنی بۆ میدیاکاران، کە لەبەردەم هەڕەشەی کوشتن و ڕفاندن و پەلاماردان. هەروەها بوونی کەموکوڕی لە ژینگەیی کاری میدیاییدا کە وایکردووە پابەندنەبن ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر دوو هۆکار: یەکەم نەبونی یاساگەلێ کە ئازادیی کاری میدیایی زامن بکات، دووەم نەبوونی سەلامەتی گیانی میدیاکاران لە ماوەی ئەرکی میدیایی.
3. ساز و ئامادەنەبوونی خودی میدیاکاران لە ڕێزگرتن و پابەندبونیان بە بنەماو پرەنسیپەکانی پیشەییبونەوە.
4. هۆشیاری یاسایی میدیاکار یەکێکی ترە لەو ئاستەنگیانەی بەردەم کاری میدیا و میدیاکاران بووەتە هۆی پابەندنەبوونیان بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسا لە هەرێمی کوردستان.(قانع، 2016: ل46)
5. ناسەربەخۆیی دارایی: یەکێکە لە ئاستەنگیەکانی بەردەم پیشەییبونی میدیا و بەمەش میدیا لە پیشەییبون خاڵی ئەبێتەوە، یان بە بوونی میدیا لە دەستی حزبێک یان سەرمایەدارێک کە ئەجێندای سیاسی یان ئابووری دیاریکراوی هەیە، یانیش نەبونی یاسای ڕیکلام، هەندێجار میدیا ناچاردەکات سازش بکەن بۆ هەندێ لەو کۆمپانیایانەی بەردەوام ڕیکلامەکانیان بڵاودەکەنەوە، ئەمەش لە ترسی لە دەستنەدانی داهاتی ڕیکلام، لایەکی تری ئەم ئاستەنگیە بەرژەوەندی دارایی میدیاکارانی ناو دامەزراوە میدیاییەکان، وا لە میدیاکاران دەکات بۆ لەدەستنەدانی پیشەکەیان "موجامەلە"ی خاوەن کەناڵەکەیان بکەن و ئەو کارە نامیدیاییانە بکەن کە زیانیان بۆ سەر بابەتیبون و پیشەییبونی میدیایی هەیە.(زهار، 2015).

هۆکارەکانی پابەندنەبوون بە ئیتیک و یاسا لە هەرێمی کوردستان زیاتر ڕەنگیداوەتەوە لە میدیای کوردیدا لە بەر چەند هۆکارێك لەوانەش:

**هۆکاری یاسایی:** لەگەڵ بوونی یاسای نووسراو سەبارەت بە کاری میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، میدیا بەبێ گوێدان بە هیچ پرەنسیپێکی ئەخلاقی و نیشتیمانی و مێژوویی، هەر لە دروستکردنی پەرتەوازەیی لەنێو تاکی کوردی و ڕق و کینە و یەکترقبووڵنەکردن و تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵگە و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان، تاوەکوو دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر چەند جەمسەردا، بە ئاڕاستەیەکی خراپ کاری کردووە.

**نەبوونی سەندیکای پرۆفیشناڵ :**لایەنێکی کاریگەرتر، کە لە ڕاستیدا ئەرکی ڕاپەڕاندنی ئەخلاقی و بەدواداچوونی میدیای لە ئەستۆیە، ڕێژەی پابەندیی میدیاکار بە ئەخلاقەوە، کە تا ڕادەیەک پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە سەندیکاوە هەیە، ئاشکرایە ئەگەر سەندیکای پرۆفیشناڵی میدیا، بە هەر هۆیەک مەبەستی جێبەجێکردن و ڕێزگرتن لە ئەخلاقی میدیا نەبێت، هەرچەندە یاسای بەهێزیش سەبارەت بەم بابەتە بوونی هەبێت، تەنیا ڕێژەیەکی کەمی ئەخلاق لەنێو میدیاکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

**بینەرانی میدیا :**جگە لە ڕۆڵی ئامرازەکانی سەندیکا و یاسامەندکردنی ئەخلاقی میدیا، بەشێکی سەرەکیی حاشاهەڵنەگر لە کاری میدیادا، بێنەران و خوێنەرانن. ئەگەر بینەران و خوێنەرانی میدیا لە کۆمەڵگەدا، گرینگی بە پاراستنی ئەخلاق و بەها باوەکانی کۆمەڵگە بدەن و پێیانەوە پابەند بن، میدیایش بۆ مانەوە و بەردەوامبوون، بە پێوەرەکانی کۆمەڵگەوە پابەند دەبێت و، هەروەها لە کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقمەند و ڕۆشنبیردا، بایکۆتی میدیایێک دەکرێت کە ڕچاوی بنەما ئەخلاقییەکان و بەها پێرۆزەکان نەکات.(عارف، 2016)

لێرەدا میدیاکار ئەگەر هاتوو پابەندنەبوو بە ئیتیکی پیشەکەی بە پێی یاسا هیچ سزایەک نایگرێتەوە، وەک باسکرا ئیتیک لە ویژدانی میدیاکارێکدا دەردەکەوێت کە پابەندە بە پیشەکەی، بەڵام لەکاتی پابەندنەبوون سزای سەرپێچیکردن و پابەندنەبوون بە ئیتیک بریتیە لە سەرزەنشتکردنی خەڵکی و هەندێک جار ئازار پێگەیاندنی ویژدانی سەرپێچیکارەکە. واتە لە ڕووی سروشتەوە بریتیە لە سزایەکی ئەدەبی. بە پێچەوانەی یاسا کە سزای سەرپێچیکارەکەی مادی و بەرجەستەکراوە و لە ڕێگای دەسەڵاتەوە جێبەجێ دەکرێت، جا چ سزاکە شارستانی بێت وەک قەرەبووکردنەوە(التعويض) یان تاوانکاری بێت وەک پێ بژاردن(غرامة) یان زیندانیکردن (حبس) یان هەر سزایەکی ئیداری بێت وەک: گەف و ئاگادارکردنەوە و دەرکردن.

## بەشی سێیەم: لایەنی شیکاری

## یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی

لەم توێژینەوەیەدا ، توێژەر بەمەبەستی وردبوونەوە، سامپڵێک لە میدیاکارانی نێو میدیای نوێی وەرگرتووە، دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان، توێژەر کرداری بەتاڵکردنی بۆ زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ناو فۆرمەکە ئەنجام دا، پێکهاتوون لە چەندین خشتە، لە خوارەوە زانیارییەکان لە شێوەی خشتەبەند پۆلێن و ڕێکخراون ڕوونکراونەتەوە.

**خشتەی (1): ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە:**

| ڕەگەز | دووبارە | % |
|---|---|---|
| نێر | 138 | 69.00% |
| مێ | 62 | 31.00% |
| کۆی گشتی | 200 | 100% |

لە خشتەی ژمارە (1) ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێرن، کە بە ڕێژەی (69%) لە پلەی یەکەمدایە. ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (31%) لە پلەی دووەمدایە.

هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کوردستان میدیاکاری ڕەگەزی مێ کەمتر دەردەکەون لە میدیای نوێ و پێیان نوێیە و هێشتا ئاشنا نەبوونە بەم فۆرمە نوێیە. خاڵێکی دیکە کەمتەرخەمی ڕەگەزی مێیە لە گەڕاندنەوەی فۆرمەکە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی.

**خشتەی (2): تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە :**

| تەمەن | دووبارە | % | ڕێکخستن |
|---|---|---|---|
| 18- 25 | 50 | 25.00% | 2 |
| 26-33 | 84 | 42.00% | 1 |
| 34-41 | 44 | 22.00% | 3 |
| 42-49 | 19 | 9.50% | 4 |
| زیاتر لة 50 | 3 | 1.50% | 5 |
| المجموع | 200 | 100% | |

لە خشتەی ژمارە(2)دا دەردەکەوێت، زۆرینەی نموونەی توێژینەوە، تەمەنیان لە نێوان(33-26) ساڵیدایە، کە بە ڕێژەی (42%) پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (25-18) دایە، بە ڕێژەی(25%) لە پلەی دووەمدایە، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (41-34) ساڵێدان، بە ڕێژەی (22%) لە پلەی سێیەمدا دێت، کەچی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (49-42) ساڵیدایە بە ڕێژەی (9.50%) لە پلەی چوارەمدایە. ئەوانەی کەمترین ڕێژەیان هێناوە، تەمەنیان لە (50) ساڵی زیاترە، کە بە ڕێژەی (1.50%) خۆی لە کۆتا پلە دەبینێتەوە.

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت، ئەو گۆڕاوەی لە پلەی یەکەم دێت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە میدیاکار لەو تەمەنەدا گەنجن و بایەخ بە توانا و پیشەکەی دەدات و زیاتر شارەزایی تەکنۆلۆجیا و ئامرازە نوێیەکانی میدیان.

**خشتەی ژمارە (3): ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە:**

| ئاستی خوێندن | دووبارە | % | ڕێکخستن |
|---|---|---|---|
| سەرەتایی | 1 | 0.50% | 7 |
| ئامادەیی | 12 | 6.00% | 4 |
| دبلۆم | 42 | 21.00% | 2 |
| بەکالۆریۆس | 116 | 58.00% | 1 |
| دبلۆمی باڵا | 7 | 3.50% | 5 |
| ماستەر | 18 | 9.00% | 3 |
| دکتۆرا | 4 | 2.00% | 6 |
| المجموع | 200 | 100% | |

لە خشتەی ژمارە(3) ئاستی خوێندنی ئەو میدیاکارانە ڕوون دەکاتەوە کە فۆرمەکەیان گەڕاندەتەوە، بەو پێیەی دەرکەوت کە زۆرینەیان هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) بوون، کە لە ڕووی ڕێژەی بەشداریکردنەوە پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە، بە ڕێژەی (58%)، دواتریش بڕوانامەی (دبلۆم) پلەی دووەمی هێناوە بە ڕێژەی (21 %) ، بڕوانامەی ماستەر به پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (9.00%)، هەرچی بڕوانامەکانی ترە ڕێژەیەکی زۆر کەمیان بەدەستهێناوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی میدیاکاران هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) و (دیبلۆم)ن، بە ڕێژەی بەشداریکردنیان (79%)، ئەمەش وادەکات تێگەیشتنیان بۆ بابەتی توێژینەوەکە زیاتر بێت و ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر کوالێتی ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن ئەو دوو پۆلەوە دەدرێت بە جەماوەر، لە کۆتایدا ئەنجامی توێژینەوەکە دەتوانین پشتی پێببەستین بەوەی کە وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (4) ئەزموونی کارکردنی میدیاکار لە بواری میدیادا ڕوون دەکاتەوە**

| ئەزموونی کارکردن لە بواری میدیا | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕێکخستن |
|---|---|---|---|
| 1-5 | 81 | 40.50% | 1 |
| 6-10 | 51 | 25.50% | 2 |
| 11-16 | 46 | 23.00% | 3 |
| 17-22 | 15 | 7.50% | 4 |
| زیاتر لە 23 | 7 | 3.50% | 5 |
| کۆی گشتی | 200 | 100% | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە زۆربەی میدیاکاران ئەزموونی کارکردنیان لە بواری میدیا لە نێوان (5-1) ساڵدایە بە ڕێژەی (40.50%) لە پلەی یەکمدایە، ئەو میدیاکارانەی پلەی دووەمیان بەدەستهێناوە کە ئەزموونی ساڵەکانی کارکردنیان دەکەوێتە (10-6) ساڵ بە ڕێژەی (25.50%) ، دواتر پلەی سێیەمی ئەم میدیاکارانەی ئەزموونی کارکردنیان لە(16-11) ساڵدایە بە ڕێژەی (23%).سەبارەت

به دوو پۆلەکەی دیکە، ڕێژەکانیان کەم بوون، لەم زانیارییانەی کە باسکران بۆمان دەرکەوت کە زۆربەی میدیاکاران ئەزموونیان لە یەک ساڵی تاکو پێنج ساڵی هەیە، و ئەمەش بە ئەزموونێکی کەم دادەنرێت، بەڵام ئەم گروپە بە یەکێک لە گروپە گەنجەکان و دەرچووانی میدیای نوێ دادەنرێت و دەتوانن زیاتر سوود لە ئامرازە نوێیەکانی میدیا وەربگرن، بە بەراورد بەو گروپانەی کە ئەزموونێکی زۆریان هەیە و توانای پەیوەندی کۆمەڵایەتییان نییە. لە لایەکی دیکەوە دەتوانرێت بگوترێ کە زۆرینەی میدیاکاران خاوەنی زانیاری باشن کە ڕەنگدانەوەی لەسەر داتاکانە و هەربۆیە کاریگەری ئەرێنی لەسەر کوالیتی ئەنجامەکان دەبێت بەو پێیەی گەنجن، بەو واتایەی ئەم گروپە بە چالاکیی و زیندوویی، زانیاری باشیان لەسەر تەکنۆلۆژیا هەیە بە بەراورد لەگەڵ پۆلەکانی تری ئەزموونی کارکردن لەبواری میدیادا

**خشتەی ژمارە (5): ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا:**

بڕگەکانی ئەم تەوەرەیە بریتییە لە:1.میدیاکار پشت بە سەرچاوە نادیارەکان نابەستێت. 2. میدیاکار ئەو شتانە بڵاوناکاتەوە هاندان بێت دژی حزبێکی سیاسی یان گروپێکی ئاینی و مەزهەبی. 3. میدیاکار ئەو شتانە بڵاودەکاتەوە زیان بە ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی دەگەیەنێت. 4.ئەو زانیارییانە بڵاوناکاتەوە هاندان بێت بۆ ڕەگەزپەرستی و تایفەگەری. 5. میدیاکار ڕەچاوی داب و نەریتی کۆمەڵگە دەکات.6. میدیاکار پابەندی نەدرکاندنی سەرچاوەی زانیاریەکان دەبێت لە رووماڵی رووداوەکاندا. 7. میدیاکار لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا پابەندە بە راست و دروستی زانیارییەکان. 8. میدیاکار پشت بە سەرچاوەی زانیاری جۆراوجۆر دەبەستێت، 9. میدیاکار بابەتەکانی هەواڵ جیادەکاتەوە لە ڕاوبۆچوونی خۆی، 10. میدیاکار پابەندنییە بەخستنەڕووی ڕاوبۆچوونی جیاواز بەشێوەیەکی یەکسان، 11. میدیاکار وەک پێویست ئاماژە نادات بە ناوی ئەو سەرچاوانەی زانیاری لێوەرگرتووە، 12. ئەو زانیارییانە بڵاوناکاتەوە زیان بە بەرژەوەندی نیشتیمانی دەگەیەنێت. 13. میدیاکارئەو زانیارییانە بلاوناکاتەوە پێشێلی مافی تایبەتمەندیی کەسەکان دەکات. بڕوانە خشتەی ژمارە(5)

**خشتەی ژمارە (5) : ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا**

| پرسیارەکان | دووبارەبوونەوە | بەتەواوی هاوڕانیم | هاوڕانیم | نازانم | هاوڕام | بەتەواوی هاوڕام | ناوەندنی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون | ڕێکخستن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | | | | |
| X1.1 | دووبارە | 16 | 86 | 11 | 58 | 29 | 2.99 | 1.28 | 59.80% | 7 |
| | % | 8.00% | 43.00% | 5.50% | 29.00% | 14.50% | | | | |
| X1.2 | دووبارە | 47 | 82 | 12 | 42 | 17 | 2.50 | 1.29 | 50.00% | 13 |
| | % | 23.50% | 41.00% | 6.00% | 21.00% | 8.50% | | | | |
| X1.3 | دووبارە | 26 | 52 | 21 | 52 | 49 | 3.23 | 1.41 | 64.60% | 3 |
| | % | 13.00% | 26.00% | 10.50% | 26.00% | 24.50% | | | | |
| X1.4 | دووبارە | 43 | 61 | 18 | 47 | 31 | 2.81 | 1.41 | 56.20% | 10 |
| | % | 21.50% | 30.50% | 9.00% | 23.50% | 15.50% | | | | |
| X1.5 | دووبارە | 36 | 71 | 20 | 49 | 24 | 2.77 | 1.33 | 55.40% | 11 |
| | % | 18.00% | 35.50% | 10.00% | 24.50% | 12.00% | | | | |
| X1.6 | دووبارە | 25 | 51 | 24 | 78 | 22 | 3.11 | 1.26 | 62.10% | 6 |
| | % | 12.50% | 25.50% | 12.00% | 39.00% | 11.00% | | | | |
| X1.7 | دووبارە | 22 | 84 | 12 | 42 | 40 | 2.97 | 1.37 | 59.40% | 8 |
| | % | 11.00% | 42.00% | 6.00% | 21.00% | 20.00% | | | | |
| X1.8 | دووبارە | 15 | 50 | 10 | 75 | 50 | 3.48 | 1.31 | 69.50% | 1 |
| | % | 7.50% | 25.00% | 5.00% | 37.50% | 25.00% | | | | |
| X1.9 | دووبارە | 21 | 67 | 10 | 69 | 33 | 3.13 | 1.32 | 62.60% | 4 |
| | % | 10.50% | 33.50% | 5.00% | 34.50% | 16.50% | | | | |
| X1.10 | دووبارە | 17 | 61 | 30 | 66 | 26 | 3.12 | 1.22 | 62.30% | 5 |
| | % | 8.50% | 30.50% | 15.00% | 33.00% | 13.00% | | | | |
| X1.11 | دووبارە | 9 | 47 | 26 | 80 | 38 | 3.46 | 1.17 | 69.10% | 2 |
| | % | 4.50% | 23.50% | 13.00% | 40.00% | 19.00% | | | | |
| X1.12 | دووبارە | 45 | 57 | 22 | 42 | 34 | 2.82 | 1.43 | 56.30% | 9 |
| | % | 22.50% | 28.50% | 11.00% | 21.00% | 17.00% | | | | |
| X1.13 | دووبارە | 49 | 64 | 13 | 40 | 34 | 2.73 | 1.46 | 54.60% | 12 |
| | % | 24.50% | 32.00% | 6.50% | 20.00% | 17.00% | | | | |
| X1 | دووبارە | 371 | 833 | 229 | 740 | 427 | 3.01 | 0.72 | 60.15% | |
| | % | 14.27% | 32.04% | 8.81% | 28.46% | 16.42% | | | | |
| کۆی گشتی | | 46.31% | | | 44.88% | | | | | |

ئەنجامی خشتەی ژمارە (5) ئاماژە بۆ ( دابەشبوونە دووبارەبووەکان، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی) دەکات بۆ وەڵامەکان بەرامبەر بە دەستەواژەکانی(x1.1-x1.13) کە تایبەتە بە شیکردنەوەی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بەرامبەر تەوەری( ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا )، بەرەو ناهاوڕایی دەڕوات، چونکە ڕێژەکان بە گوێرەی ئاماژەی گشتی (44.88%) وەڵامی بەرتوێژان لەم توێژینەوەیە هاوڕابوون لەسەر ئەو ڕستە و پێوەرانەی کە لە خۆی گرتووە. لەبەرامبەر ئەوەدا بە ڕێژەی (46.31%) ناهاوڕابوون لەگەڵ ناوەڕۆکی دەستەواژەو بڕگەکانی ئەم تەوەرە، واتە میدیاکاران پابەند نابن بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا بە شێوەیەکی ڕێژەیی، ئەمە لەلایەک، وە لەلایەکی تر سەرنجی ئەوە دەدەین کە هەردوو ڕێژەی هاوڕابوون و هاوڕانەبوون نزیکن لەیەکتری، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ڕای میدیاکاران سەبارەت بە بڕگەکانی ئەم تەوەرە بەرەو بێلایەنی دەڕوات. وە ڕێژەی هاوڕابوون لە ڕەهەندی ناوبراو (60.15%)ە، ناوەندی ژمێریاری (3.01)، لادانی پێوانەیی (0.72) هاتووە، ئەم ئەنجامە بەراییە ئاماژە بەوەدەکات کە میدیاکاران پابەندنەبوون بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا، بە گوێرەی دەستەواژە و ڕستەکانی بڕگەی ئاماژە پێکراو وەکو ئاماژەیەکی بەشی وایدەبینین کە بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون بریتییە لە دەستەواژەی(x1.8) کە ڕێژەکەی گەیشتە (69.50%)، ناوەندی ژمێریاری (3.48) ، لادانی پێوانەیی(1.31) لەسەر ئەو بڕگەی (میدیاکار پشت بە سەرچاوەی زانیاری جۆراوجۆر دەبەستێت)، لە کاتێکدا کەمترین ڕێژەی (هاوڕابوون) لەسەر ئاستی دەستەواژەی (x1.2) بە ڕێژەی (% 50)، ناوەندی ژمێریاری (2.50) و لادانی پێوانەیی(1.29)، لەسەر ئەو بڕگەی(میدیاکار ئەو شتانە بڵاوناکاتەوە هاندان بێت دژی حزبێکی سیاسی یان گروپێکی ئاینی و مەزهەبی)، کەواتە پێچەوانەکەی زۆربەیان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە میدیاکار ئەو شتانە بڵاودەکاتەوە کە هاندانە دژی حزبێکی سیاسی یان گروپێکی ئاینی و مەرزهەبی.

**خشتەی ژمارە(6): دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای ڕۆژنامەوانی**

بڕگەکانی ئەم تەوەرە بریتیین لە : 1. جەماوەر متمانەی بە میدیای کوردی لاوازبووە. 2. هێزە سیاسییەکان میدیا لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکاردەهێنن. 3. شیرازەی کۆمەڵایەتی و خێزانی زیاتر لە یەك هەلوەشاندۆتەوە. 4. تێکەڵبوونی ڕاستییەکان بە هەواڵی ساختە و پڕوپاگەندە. 5. لە دەستدانی دەستپاکی و ئەمانەت پارێزی میدیا. 6. گەڕانی جەماوەر بەدوای ئامرازە جێگیرەوەکانی میدیای نوێ بۆ دەستکەوتنی ڕاستییەکان.7. لادانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی. 8. لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە. 9. لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی. 10. میدیای نوێ هۆکاری لێکترازانی سیاسی بووە لە هەرێمی کوردستان. 11. هاوڵاتیان وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و حزبی دەڕواننە میدیای کوردی. بڕوانە خشتەی ژمارە (5).

**خشتەی ژمارە(6): دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای ڕۆژنامەوانی**

| دەستەواژەکان | زیاد لە وەڵامێک | | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | |
| X4.1 | 173 | 12.66% | 2 |
| X4.2 | 187 | 13.68% | 1 |
| X4.3 | 135 | 9.88% | 5 |
| X4.4 | 137 | 10.02% | 4 |
| X4.5 | 106 | 7.75% | 7 |
| X4.6 | 72 | 5.27% | 11 |
| X4.7 | 96 | 7.02% | 9 |
| X4.8 | 117 | 8.56% | 6 |
| X4.9 | 91 | 6.66% | 10 |
| X4.10 | 104 | 7.61% | 8 |
| X4.11 | 149 | 10.90% | 3 |
| کۆی گشتی | 1367 | 100% | |

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی کاری میدیا و یاسای ڕۆژنامەگەری، پشتبەستراوە بە خشتەی ژمارە(5) کە بریتییە لە وەڵامی جۆراوجۆر و بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا دابەشکراون، زۆربەی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە، یەکێک لە دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە (هێزە سیاسییەکان میدیا لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکاردەهێنن ) بە ڕێژەی (13.68%)،وە لە ڕیزبەندی دووەم هاتووە کە جەماوەر متمانەی بە میدیای کوردی لاوازبووە بە ڕێژەی(12.66%)، لە کاتێکدا هەندێکیان ڕایان وایە (هاوڵاتیان وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و حزبی دەڕواننە میدیای کوردی ) کە بە ڕێژەی (10.90%) لە ڕیزبەندی سێیەم هاتووە. دەرهاویشتەیەکی تر کە لە ڕیزبەندی چوارەم هاتووە بریتییە لە (تێکەڵبوونی ڕاستییەکان بە هەواڵی ساختە و پڕوپاگەندە) بە ڕێژەی(10.02%)، دەستەواژەی (شیرازەی کۆمەڵایەتی و خێزانی زیاتر لە یەك

هەڵوەشاندۆتەوە) لە ریزبەندی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (9.88%). لەگەڵ ئەوەشدا بەرێژەی (8.56%) کە لە ریزبەندی شەشەم دێت پێیان وایە بووەتە هۆی (لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە). لە ریزبەندی حەوتەم بە ڕێژەی (7.75%) دەڵێن بووەتە هۆی لە دەستدانی دەستپاکی و ئەمانەت پاریزی میدیا. لە ریزبەندی هەشتەم (میدیای نوێ هۆکاری لێکترازانی سیاسی بووە لە هەرێمی کوردستان ) بە ڕێژەی (7.61%) هاتووە. هەرچی ریزبەندی دەیەمە بە ڕێژەی (6.66%) پێان وایە پابەندنەبوون بە ئیتیک و یاسای میدیا بووەتە هۆی (لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی.)، لە کۆتایی ریزبەندیدا کە بە ڕێژەی (5.27%) هاتووە دەڵین بووەتە هۆی (گەڕانی جەماوەر بەدوای ئامرازە جێگیرەوەکانی میدیای نوێ بۆ دەستکەوتنی ڕاستییەکان). بە گوێرەی ڕای میدیاکاران دەتوانین بڵێین کە پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا سەردەکێشێت بۆ پێچەوانەی ئەم دەرهاویشتانەی کە باسکران لەم تەوەرە.

## گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە:

1. ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لاوازە و بە پێی پێویست نیە.
2. ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە بەرپرسیاریتی کۆمەڵگە ڕێژەییە، واتە بەشێکیان پابەندن و بەشێکی تریان پابەندنین.
3. میدیاکارانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کوردستان، ئاشنای بنەماکانی ئیتیک و یاسای میدیانین، ئەمەش بووەتە هۆی پابەندنەبوونیان بە ئیتیک و یاسای میدیا.
4. پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا ، شیرازەی کۆمەڵایەتی و خێزانی زیاتر لە یەک هەڵوەشاندەتەوە.
5. یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007) یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ، یاسایەکی کۆنە و بۆ ئێستای میدیای کوردی نابێت و پێویستی بە ریفۆرمی میدیایی هەیە
6. نەبوونی دامەزراوە و میکانزمی گونجاو بۆ لێپرسینەوە لە پێشێلکاریی پیشەیی میدیاکاران و ئامرازەکانی میدیای نوێ، هۆکاری پابەندنەبوونی میدیاکارانن بە ئیتیک و یاسای میدیا

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە بەزمانی کوردی:


1. سلێمان، شاخەوان محەمەد. (2022). ئاستی پابەندبوونی ڕۆژنامەوانان بە ئیتیکی ڕاگەیاندن، متمانەی خوێنەر بە ڕۆژنامە کوردیەکان بە نموونە. هەولێر: (تێزی دکتۆرا)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن.
2. محەمەد، ئازاد عبدالعزیز. (2022). ئاراستەکردنی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە رادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان: توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانیە. هەولێر: (تێزیکی دکتۆرای بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن.
3. سەپان، مەغدید. (2015). بنەماکانی ئیتیک و ئیتیک لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، تاران: چاپخانەی پەنجەرە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی مێژووی جەمیل ڕۆژبەیانی.
4. فەرەج، ئاریان.(2013). بەرپرسیاریتی کۆمەڵایتی ڕۆژنامەنووس، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.
5. عومەر، هاوژین. (2012). ئیتیکی ڕۆژنامەوانی. هەولێر: چاپخانەی خانی.
6. قانع، مەم بورهان. (2016). میدیا و پێشێلکاری پیشەیی، هەولێر: بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان.
7. حسێن، تەرزە. (2020). ئیتیکی ڕاگەیاندن. 5/7 July، تاريخ الوصول20/2فيبراير، 2022.
https://www.gulanmedia.com/so/story/199297/1621553504-11821
8. عارف، ئەسعەد ئەنوەر. (2016). ڕۆڵی یاسا لە پراکتیزەکردنی ڕاگەیاندندا. 10/11 November، تاريخ الوصول 1/3 March، 2022.
http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/283-2018-09-02-18-56-38


### سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:


1. عطية، منصور قدور بن. (2016). الصحافي المحترف بين القانون والاعلام. الجزائر: جسور للنشر والتوزيع.
2. ادريس، جنيد محمد. (2019). المسؤلية المدنية للصحفي. الاردن: (رسالة ماجستير)، جامعة الشرق الاوسط، قسم القانون الخاص، كلية الحقوق.
3. الرحاحة، محمد سامي. (2016). تقييم الصحفيين الاردنين لمدى التزام المواقع الالكترونية الاخبارية الاردنية بمثاق الشرف الصحفي. الاردن: (رسالة ماجستير)، كلية الاعلام، جامعة الشرق الاوسط.
4. الموسوى، د. عسام سليمان. (2003). المدخل في الاتصال الجماهيري. الاردن: ط 5، مكتبة الكناني للنشر والتوزيع.
5. عزي، د. عبدالرحمن. (2016). نظرية الواجب الاخلاقي في الممارسة الاعلامية. تونس: دار المتوسطية للنشر والتوزيع.
6. بدوي، عبدالرحمن. (1976). الاخلاق النظرية. الكويت: ط2، وكالة المطبوعات.

7. الحازمي، مبارك بن واصل. (2021). الاعلام العربي والامن القومي: الرؤى والتحديات..نحو اجندة الاعلامية مستقبلية. المجلة المصرية للبحوث. المجلد2، العدد 1، ص ص 1-46.
8. الموازني، جعفر كاظم: الموازني، نعيم كاظم: شويع، محمد حسناوي. (2008). نحو نظام قانوني لمسؤلية الصحفي المدنية عن عرض صور ضحايا الجريمة. مجلة مركز دراسات الكوفة، المجلد1، العدد 7، ص ص 61-80.
9. علي، اسامة عبدالرحيم: محمد، احمد عادل عبدالفتاح. (2015). فعالية برنامج لتدريب طلاب الاعلام التربوي على الوعي بالضوابط الاخلاقية للاعلام الجديد و تطبيقهم لها. مصر: المجلة المصرية لبحوث الرأى العام، قسم الاعلام التربوي-كلية التربية النوعية، جامعة المنصورة. المجلد14 ، العدد 3، ص ص 30-223.
10. العيساوي، نجم (2016). اهمية التشريعات الصحفية في المجتمعات المعاصرة. July 22 . تاريخ الوصول 22ابريل 2022. https://najmaleessawi.blogspot.com/2016/07/blog-post_86.html
11. قيراط، محمد. (2016). اخلاقيات الاعلام.. الرهانات والتحديات. 6فبراير. تاريخ الوصول 19فبراير 2022 ، https://bit.ly/3I1JkC0
12. زهار، ريما. (2016). المردود المالي من أبرز المعوقات أمام مهنية الإعلام. 9 May. تاريخ الوصول 20فبراير 2022. https://elaph.com/Web/News/2015/5/1006203.html

**سەرچاوە بە زمانی فارسی:**

1. نژاد، د. كاظم معتمد. (2006). اصول اخلاقي حرفهء روزنامەنگاری-زمينه های تاريخی- مقررات گذاری های ملی وپژوهشهای جيهانی. ايران: مركز مطالعات و تحقيقات دسانەها.

**سەرچاوە بە زمانی ئنگليزی:**

1. Day, Louis Alvin. (2006). Ethics in Mass Communications: Cases and Controversies. USA: Thompson& Wadsworh publisher.

**Ashna Dlshad Majeed**

Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Ashna.mam20@epu.edu.iq

**A.P D. Saman Jalal Mawlood**

Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Saman.mawlood@su.edu.krd

## Abstract:

This study is entitled:(The Level of Journalists' Commitment to the Principles of Ethics and Media Law in the Kurdistan Region) .The type of this research is descriptive in which mix method was used. Its subjects are 200 randomly selected journalists who work in modern media in the Kurdistan Region.

This research aims to understand the reasons for the level of journalists' non-compliance with the principles of ethics and media law in the Kurdistan Region, as well as to find out why journalists don't comply with ethics and media law in the Kurdistan Region.

The importance of this research is to reduce social problems, which have been affected by irresponsible and non-academic media, increase the level of journalists' adherence to media ethics and law in the Kurdistan Region, reduce media problems, and increase the quality of media messages on media channels, especially in modern media.

This study has come to several conclusions, including the level of journalists' commitment to ethics and media law in the Kurdistan Region is weak. One of the obstacles to journalists' adherence to the principles of ethics and media law in the Kurdistan Region is some of the media outlets in Kurdistan are not familiar with the principles of ethics and media law.

**Keywords: Commitment, Journalist, Media Ethics, Media Law, New Media.**